# بانگەواز لە (پێن) ی کوردەوە بۆ یەکگرتنی هەموو هێز و ڕێکخستنە نیشتمانپەروەرەکان لە سەرانسەری کوردستاندا

ئەمڕۆ کە ڕژێمی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر و زاڵم تێکچووە، ڕۆژهەڵات ناوەڕاست ڕووبەڕووی گۆڕانێکی مەزن بۆتەوە. واجارێکی دیش ڕژێمەکانی (تورکیا، ئێران، سوریا) لەگەڵ ناکۆکیەکانی خۆشیاندا، دەنگیان دەکەنە یەک و گەرەکیانە ڕێگە لە داخوازیەکانی گەلەکەمان بگرن. لەهەمبەر سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە و لەم ڕوشە نوێیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبێت و پێویستە گەلی کورد بەیەکگرتنی هەموو هێز و ڕێکخستنە نیشتمانپەروەرەکانی لە سەرانسەری کوردستاندا، وەڵامی ئە سیاسەتە چەپەڵەی دوژمنان بداتەوە. چونکە هەردەم لە دیرۆکدا، شەڕی کورد خۆی هۆی سەرەکی و بناغەیی بووە کە کورد نەگەیشتووە بەمافە ڕواکانی خۆی. ئەمڕۆکە ڕادەی هۆشیاری گەلی کورد و ڕەوشی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەمان، لە هەر دەمێکی دی باشترە. گەیشتۆتە ئاستێکی پلند و دەتوانێ، هەم لە ڕوی نیشتمانی و هەمیش لە ڕوی جیهانیدا، دەنگی خۆی بلند بکات و داوای مافی ڕەوای خۆی بکات.

ئالێرەوە بەو هۆیانەوە، ئێمە بانگ لە هەموو هێز و پارت و ڕێکخستن و گەلی کوردستان دەکەین، هەر جۆرە ناکۆکیەکی خۆیی بنێنە لاوە و لەم ڕەوشە ناسکەدا هاوکارییەکی بەهێز لە نێو خۆیاندا پێکپێنن. هەبوونی گەلێک پارت و ڕکخستن، دیاردەیەکی سروشتیە و زۆربوونیشی نیشانەی دیموکراتی و زیندوبوونی کۆمەڵگایە. کەواتە یەکگرتن بۆ سەندنی مافی ڕەوای نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندی ئەو گەلەیش، لە ئەرکە هەرە پیرۆز و گرنگەکانە. لەم دەمەی ئێستادا، ئەو شتەی کە ئێمە لێک دوور دەخاتەوە، پێویستە خۆمانی لێ دووربخەینەوە. ئەو شتەیشی کە ئێمە لێک نێزیک دەکاتەوە، دەبێت بیکەین و لێنەگەڕێین کە بۆچونی تەنگ و تاریک و نادروست ببنە ئاستەنگ. با ئێمە بە سەرفرازی بە نەوەی ئێستاوپاشەڕۆژمان بێژین: بەڵێ ئێمە لە پێناوی سەرفرازیدا ئەو هەموو ناکۆکیانەمان دایە لاوە و ئاوەهایش گەیشتینە ئازادی و سەربەستی.

لەم دەمە گرنگەدا بە تایبەتی بانگ لە پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق و کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەوجا هەموو پارت و ڕێکخستنەکانی تری باکور، ڕۆژهەڵات، باشور و ڕۆژئاوا دەکەین کە لەم ڕەوشە دژوارەدا، لە دژی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک و دەستدرێژیەکانی ئێران و سوریا و دەوروبەر، یەکبگرن ڕێگە نەدەن کە ناکۆکیەکانمان ببنە هۆکاری تێکچونی بزوتنەوەکەمان. بەتایبەتی یەکگرتنی ئەو هێزانە ببێت بە بناغەیەکی یەکگرتوی وەها کە هەموو هێز و ڕێکخستنەکانی سەرانسەری کوردستان لە نێوخۆیاندا یەکگرتنێکی دیرۆکی سازبکەن.

ئێمە تکا لە هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر دەکەین کە بە ئیمزاکردن پشتگیری ئەم بانگەوازە بکەن بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە، دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگمان.